بەشی پێنجەم

ئافرەت لە کۆمەڵی کوردەواریدا

گەلێک جار و لە زۆر شوێن و بۆنەدا ئەم پرسیارە خۆی دووبارە دەکاتەوە و لە دوای بەرسڤێکی زانستی و مەنتیقیانەش دەگەرێت ئەویش ئەوەیە بۆچی ئافرەتی کورد دوورەپەرێزە لە گشت مەیدانەکانی راپەراندنی کاروباردا و وەکو پێویست نەیتوانیوە رۆڵی سەرەکی خۆی لە کۆمەڵگەدا ببینێت؛؟ رەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەندە ئاسان نەبێت رۆشنکردن و شیکردنەوەی ناوەرۆکەکەی زۆر گوزارشت و مانا هەڵبگرێت، تەنانەت وەڵامدانەوەکەی پێویستی بەوردەکاری و لێکۆڵینەوە هەبێت، لەمەشدا مێژوو وەک سەرچاوە رۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە ریشاژۆکردنی مێژوو پیاچوونەوە پیایدا زیاتر وەڵامەکەمان بۆ ئاسان دەکات. ئاشکرایە رابردوو و دیرۆکی نەتەوەی کورد سەدان داستانی نەبەرد و قارەمانانەی تیادا تۆمار کراوە کە تاوەکو ئەمرۆش هەر بە نەمری ماوەتەوە، ئافرەتیش شان بەشانی پیاو تیایدا رۆڵی بەرچاوی خۆی لە قۆناغە جیا جیاکانی ئەم داستان و مێژووە شکۆدارەدا بینیوە و بونیادنەری ئەم رابرووە بووە کە تاکو ئەمرۆش نەتەوەکەمان شانازی بەو شێرە ئافرەتانەی وێنەی خانزادی میری سۆران و حەپسەخانی نەقیب و قەدەم خێر و لە مێژووی ئەمرۆشمان لە نموونەی لەیلا قاسم و دایکە ئامینە و دەیان و دەیانی تر دەکات.

کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵێک بنەماو تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر لێک جیا دەکرێنەوە، بێگومان چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵەش هەر یەکە و بەپێی (ئەرک و مافەکانیان) رۆڵ لە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەبینن. ئێمە لێرەدا باسەکەمان (ئافرەتە) کە وەکو توێژێکی سەرەکی لە بنیادنانی کۆمەڵگەدا رۆڵی خۆی دەبینێت و شان بە شانی توێژەکانی تر هەڵسوکەوت دەکات و بوونی خۆی تارادەیەکی

باش لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا نواندووە و نیشان داوە.

ئافرەتی کورد هەر لە سەرەتاوە ئافرەتێکی زەحمەتکێش بووە و گەلێ ئەرکی لەسەر شانە وەک ئەوەی کە دایکە، منداڵ بەخێوکەرە، کارکەرە لەنێو ماڵ و دەرەوە، ئیشی کشتوکاڵ و بازرگانی و میوانداری و مەرومالات و گەلێ جار ئیش و کاری پیاوانیش دەکات، چونکە هیچ کاتێک هۆش و لەشی ئافرەت لە هی پیاو کەمتر نەبووە بەڵکو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە وای کردووە کەوا وەکو پاشکۆیەکی پیاو تەماشا بکرێت و مامەڵە و سەودای لەگەڵدا بکرێت بۆیە لەم بارەیەوە د. نەوال سەعداوی دەبێژێت: (هیچ بەڵگەیەکی زانستی بایلۆجی و فسیۆلۆجی لەبەر دەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێ هۆش و لەش و دەروونی ئافرەت لە هی پیاو کەمترە، بەڵکو ئەم خەسڵەتە کەم لایەنە نزمییەی لە سەری داپراوە لە ئەنجامی هۆکارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بۆی پەیدا بووە.)(١)

جیاوازی سروشتیش لە نێوان ئەندامەکانی لەشی ئافرەت و پیاودا هەر وەک لە نێوان گشت گیانەوەران و زیندەوەراندا هەیە لایەنی کزی و بێ دەسەلاتی ئافرەت نییە بەڵکو سیفاتی سروشتی و تەواوکەری خەسڵەتەکانی نێر و مێ دەردەخا.

ئەگەر کەمێک بۆ دواوە بگەرێینەوە و شەن و کەوێکی بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو کاتدا بکەین و تێروانینێکی خێرا لەسەر رەوشی ئافرەت و رۆڵی لە کۆمەڵدا بخەینە رووەوە ئەوا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئافرەتی کورد وەک زۆربەی ئافرەتانی جیهان بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافی و جەور و ستەمی کۆمەڵ بووە، هیچ کاتێک خاوەن دەسەلات و بڕیاری کۆتایی تایبەتی خۆی نەبووە، بەڵکو هەمیشە

(١) د، نوال السعداوي، الانثى هي الاصل، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ص (١٨).

وەک پاشکۆیەکی پیاو سەیر کراوە و بێبەش کراوە لە زۆر ماف و پێوەند بووە بەهەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە لە سەری بووە و هەر هەڵگەڕانەوەیەک یاخود دەنگ بەرزکردنەوە و ناڕەزاییی دەربڕینێک بووەتە هۆی ڕیسوا بوون و دەمکوتکردنی تەنانەت دابڕانیشی لە کۆمەڵدا.

ئاشکرایە کۆمەڵگەی کوردەواری لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەیەکی لادێ نشینی کشتوکاڵییە و پابەندیشە بەکۆمەڵێک دابونەریتی داسەپاو بەسەریا، ئافرەتی لادێ نشین بووەتە قوربانی ئەم دابونەریتە کۆن و زەمەن بەسەر چووانە، بۆیە گیروگرفتی دواکەوتنی ئافرەتی لادێ نشین لە کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەوە نیشانەیەکی ترسناک بووە لەبەردەم ڕێبازی ڕاپەڕینی هاوچەرخانەی سەرجەمی کۆمەڵدا و کاری کردۆتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان و دواخستنیشی لە ڕەوتی بەرەو پێشڤەچووندا (چونکە دۆخی پاشکەوتن و پاشکەوتوویی مانەوەی ئافرەت زیان بەمەسەلەی پێشکەوتنی کۆمەڵ ئەگەیەنێ و ڕێبازێکی زیانبەخشانەیە و پێچەوانەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و دیموکراتیانەشە، بۆیە پێویستە ئافرەت لە هەموو بارودۆخێکدا لە ڕووی تیۆری و پراکتیک و مافەوە سەربەست بکرێ بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ریشەیی لەناخی کۆمەڵدا بەرپابێت و هاوکات ببێتە پارسەنگ و لایەنێکی گرنگی مەسەلەی ئەو ڕزگاربوونە گشتییەی تێکڕای کۆمەڵ لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە).[١]

دیارە هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ عەقلیەتی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە تاوەکو ئێستاش ئاسەوارە سلبیەکانی بەئاشکرا دیارە کە بێگومان (ئەو سیستەمە ترسناکە - پیاوسالاری - پەیوەست بەکێشەی نەوەکان و نوێ بوونەوەیان پیاو و ئافرەت بەقەد یەک دەچەوسێنێتەوە، کە

(١) برهان قانیع، بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادێ نشینی کوردەواری، بەغدا ١٩٧٩، لاپەڕە (٦).

ئەمەش پابەندە بەباری ڕۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و باری ئابووری هەر کۆمەڵگەیەک).[١]

بێگومان ئەو سیستەمە ترسناکە، هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ دابڕانی تەواوی ئافرەت لە ڕووی داهێنان و ئەفراندنیشەوە، لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، ئەوەتە سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد وای کردووە کە بیرکردنەوەیان پیاوانە بێت و لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا نەوێران باس لە هەست و خەون و خولیای خۆیان بکەن و بە بڤەی بزانن.

دیارە ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕابردووی ژیانی کورد بەگشتی (چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە کوردستانی دایک چۆن کراوە بەچوار پارچە لەلایەن دوژمنانی کورد و نەتەوەی کوردیش بەدرێژایی مێژوو چەوساوەتەوە ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی چەندەها دابونەریتی کۆنەپەرست و دواکەوتووی لەنێو عەقلیەتی کۆمەڵی کوردەواری هەر لە دێرزەمانەوە، بێگومان ئەم دابونەریتانە زیاتر فشاریان خستۆتە سەر ڕۆڵی ئافرەت و پووکاندوویانەتەوە دووریان خستۆتەوە لە هەوڵدان و بونیادنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و زامنکردنی دوارۆژێکی ڕووناک بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوویان).[٢] هەڵبەتە ئەم ڕەفتار و شێوازەی کۆمەڵ جۆرێکە لە جۆرەکانی نەخۆشی کۆمەڵایەتی کە دوژمنانی کورد ڕەگوڕیشەیان لەنێو ناخی مرۆڤی کورددا چەسپاندووە و هەمیشە وایان لە کۆمەڵ کردووە کە ئافرەت بچەوسێنێتەوە و هیچ مافێکی خۆی پێ نەدات تەنانەت لە خوێندن و لە ماڵ دەرچوون و هەتا مافی هەڵبژاردنی هاوسەریشی پێ ڕەوا نەبینرێت. بۆیە تاوەکو کۆمەڵ لە هەموو ئەو کۆت و زنجیرانەی کە تیایدا ئاخنراوە ڕزگاری نەبێت ئەوا مەحاڵە ئافرەت ڕزگار ببێت و بتوانێت ڕۆڵی

(١) نەجات حەمید، بازنەی قەدەغەکراوەکان... ئەو مرۆڤەی ناوی ئافرەتە. گۆڤاری دەنگی ئافرەت ژ (١٥) ساڵی ١٩٨٨، لاپەڕە (٢٢).

(٢) شیلان مستەفا، ئافرەت و ڕۆڵی کاریگەری لە کۆمەڵدا، گۆڤاری قەرەچوغ ژمارە (٥)، بەهاری ٢٠٠٠ لاپەڕە (٣٦).

خۆی لە کۆمەڵگەدا ببینێت. بنیادنانی کۆمەڵێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنفکر تەنها ئەرکی پیاو نییە بێگومان تەنها بەئەویش ناکرێت چونکە پیاو و ئافرەت تەواوکەری یەکترن و هیچیان بەبێ ئەوی تر ناتوانێ هەڵ بکات و ئیشوکارەکانی بەڕێوە ببات.

وەلێ ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە دەبێت دانی پیا بنێین ئەویش ئەوەیە کە هەر چەندە بارودۆخی ئافرەتی کورد خراپ و دژوار بووە بەڵام بەبەراورد لەگەڵ چەندین وڵات کە تەنانەت ئەندامیشن لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەبینین ڕەوشی ئافرەتی کورد، لە ڕووی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەوە زۆر باشترە هەر بۆ نموونە لە زۆر وڵاتان و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش ئافرەت بۆی نییە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان یا خۆی بۆ پۆستە حکومی و پەرلەمانتارییەکان کاندید بکات.

(ئافرەتی کورد بەحوکمی باری جوگرافی ناوچەکە و دابونەریتی خۆی هەمیشە شان بەشانی پیاوان لە بوارەکانی کار و گوزەران و ژیان بەڕێوەبردندا بەشدار بوونە و لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی جوامێرانە و بەرچاویان لە ئیدارەی کاروباری سیاسیدا نواندووە، ئافرەتی کورد لە شۆڕشی ئەیلولدا پشت و پەنای پێشمەرگە بوو بەڵکو هەر خۆشی شەرەفی پێشمەرگایەتی پێ بەخشراوە تا ئەو کاتەی (بارزانی نەمر) فەرمووی: ئەو ئافرەتەی نان بۆ پێشمەرگەش دەکات هەر پێشمەرگەیە).(١)

سەرنجێکی خێراش بۆ ڕابردوویەکی نزیک، دەبینین ئافرەتی کورد بەش بەحاڵی خۆی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا دریغی نەکردووە و بەڵکو زۆر هەوڵی داوە بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە هەموو جیهان و بێ مافی و ستەمی خۆی ڕابگەیەنێت.

ئەوەتە (حەپسەخانی نەقیب لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم

(١) فەیسەڵ دێهاتی، کورد لە سیستەمی نوێی جیهاندا، کوردستان، هەولێر ٢٠٠١، لاپەڕە (٢٤٥).

چەندین جار نامەی تایبەتی ناردووە بۆ بارەگای یەکێتی نەتەوەکان لە جنێف و تیایدا باسی ئەو جەوروستەمە زۆرەی کردووە کە بەسەر کورد هاتوون، ئەو نامانە ئێستا بوونەتە بەڵگەی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێی گەلەکەمان. هەروەها مینا خانی هاوسەری پێشەوا قازی محەمەدی نەمر لە ڕۆژگاری کۆماری مەهاباد دا جێگەی حەپسەخانی نەقیبی گرتبۆوە وا دیارە خەریکی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان بووە). (١) بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانی ئازادی دوای ڕاپەڕین تەکانێکی باشی بەرەوشی ئافرەت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی داوە و بەڵکو زۆریشی بەرەو پێشڤە بردووە، ئەو هەلومەرجەی کە ئەمڕۆ بۆ گەلی کورد ڕەخساوە لەو نێوەندەشدا ئافرەتیش گەلێک دەرگای بەڕوودا کرانەوە و لەو کۆت و زنجیرە بەقەفانەی کە تێی ئاخنرا بوون دەتوانین بڵێین ڕزگاریان بوو - ئەگەر ڕزگاربوونێکی کامڵیش نەبووبێت - ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی دنیادا و پەیدا بوونی عەولەمە ئافرەتانیش لە دنیای تەکنەلۆژیا و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵێکی دیاریان هەیە نەخاسمە بۆ بەرجەستەکردنی قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیان لە گشت بوارە جیا جیاکاندا ئەمە وێڕای بەشداریکردنێکی بەرچاو لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسی و کولتوریدا. ڕۆڵی ئافرەتی کورد ئەمڕۆ هیچی لە ڕۆڵی پیاو کەمتر نییە بەوەی کە نیوەی کۆمەڵە و لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و زانیاریدا لە سەنگەری پێشەوەیە.

ئەمڕۆ ئەگەر سەیری دامودەزگای زانستی و ڕۆشنبیری و بەرهەمییەکان بکەین دەبینین ئافرەت گەلێک بۆشایی لەم شوێنانە پڕ کردۆتەوە، جا چ لە مەیدانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری بێت یا لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و بەرهەم هێنان و زانیاریدا بێت، جگە لەمانە ئافرەتی کورد ئەمڕۆ دەیەوێ لە حوکمڕانی دەوڵەتی یاسادا بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە، ئەوەتە لە پەرلەمان

(١) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لە مێژوودا، کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی الحوادث بەغدا / ١٩٨١، لاپەڕە (٧٩).

و ئەنجومەنی وەزیراندا ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر لە ڕووی یاسادانان و جێبەجێکردندا دەبینن و ئیش و کارەکانیان مایەی خۆشحاڵی و ڕێز لێگرتنە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی باسمان کردن مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەتی کورد گەیشتۆتە لوتکە و ترۆپک و هەموو شتەکانی تایبەت بەخۆی کۆنترۆڵ کردووە و ئیتر تەواو هیچ کەموکورییەک لە ڕێگای ئەودا نەماوە، بەڵکو پێویستە زیاتر هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆناکبیری خۆی بدات تاوەکو ببێتە ئەندامێکی کاریگەری کۆمەڵ بۆ دروستکردن و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هاوچەرخ و بەتێکەیشتن و ڕۆشنبیری خۆی دەبێ بزانێ کە دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێ لە گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی و شارستانی نێو کۆمەڵگە بەپێی بیرکردنەوەی لە ماف و ئەرکە تایبەتییەکانی.

هەڵبەتە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهەموو پێوەرەکانییەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە مافە بنچینەییەکان بۆ توێژی ئافرەتان دەستەبەر بکات بەبێ هیچ جیاکارییەک ئەوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتننامەیەکی بەناوی جیاکاری دژی ئافرەت (التمييز ضد المرأة) مۆر کردووە کە تیایدا مافەکانی ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هاتووە و جەخت لەسەر دەستەبەرکردن و بەجێهێنانی کراوەتەوە، لە سەرەتای ئەم ڕێکەوتنەدا هاتووە کە (مافەکانی مرۆڤ بۆ ئافرەت و کچان بەشێکن لەو مافە جیهانییانەی مرۆڤ کە نابێ دەستیان لێ بدرێت و بەشێکی جیا نەکراوەن لەم مافانە و تەواو بەشداریکردن و بەیەکسانی لە ژیانی سیاسی و شارستانێتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆناکبیری لە ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ڕیشەکێشکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری لەسەر بنچینەی توخم دوو ئامانجی لە پێشتری کۆمەڵی نێو دەوڵەتین).[١]

(١) جێکاری دژی ژن، ناوەندی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەولێر – ٢٠٠٠، لاپەڕە (٣).

هەر وەک باسمان کرد ئافرەت بەهۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانیشەوە دوچاری گەلێک کێشە و گیروگرفت بوونەتەوە و بەدەستییەوە دەناڵێنن کە گرنگترینیان ئەمانەن:[١]

یەکەم: خراپی باری ئابووری خێزان.

دووەم: نەبوونی ڕادەی ڕۆشنبیری ئافرەت و نەخوێندەواری کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە لەبەردەم بەڕێوەبردنی خێزان.

سێیەم: جیاوازییەکی زۆر لە تەمەندا لە نێوان ژن و مێرددا، هەروەها پەیڕەوی کردنی دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانی تر وەک ژن بەژن و گەورە بەگچکە و شیربایی و ژن بەسەرهێنان و هتد...

چوارەم: بەزۆر بەشوودانی ئافرەت بەبێ ڕەزامەندی خۆی، هەر وەک ئاشکرایە لە کۆمەڵی ئێمەدا هەتا ئێستا ئافرەت ناتوانێ هاوسەر بۆ خۆی دەستنیشان بکات بەشێوەیەکی سەربەست.

پێنجەم: نەبوونی ڕادەی ڕۆشنبیری سێکسی (الثقافة الجنسية) لە نێوان ژن و پیاودا کە ئەمەش کێشەی گەورە دروست دەکات ئەمانە و گەلێک خاڵی تر کە وای کردووە ئافرەت بەشێوەیەکی پەراوێزی لە کۆمەڵدا بمێنێتەوە و شێوازێکی گۆشەگیری بەخۆیەوە بگرێت.

(١) ڕاپۆرتی ASK بۆ: مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ساڵی ٢٠٠٠، چاپی یەکەم ٢٠٠١ لاپەڕە (٩٠).

بەشی شەشەم

ئامانجی ڕژێمی عێراق لە ئەنفالکردنی ئافرەتدا

کارەساتی ئەنفال – وێڕای ئەو هەموو تاوانانەی دەرهەق بەنەتەوەی کورد ئەنجامدراوە – زیاتر برینی کوردانی قوڵتر کرد و ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەشی لەسەر ڕوخساری کۆمەڵگەی کوردەواری جێهێشت و هەروەها کاریگەرییەکی گەورە و بەهێزیشی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا نواند کە خێزان بەپلەی یەکەم دێت. چونکە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە و کۆمەڵیش لە ڕێگەی خێزانەوە دەتوانێت زۆر لە ئەرک و مافەکانی جێبەجێ بکات و بەسەریاندا زاڵ بێت، هەروەها (خێزان بناغە و بنەڕەتی دروستبوونی هەموو نەتەوەیەکە کە بەچەند قۆناغێک تێدەپەڕێ و بەسەری دادێ تاکو نەتەوەکە دروست دەبێت، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر خێزان گرنگیەکەی لەوە دایە، بەتایبەتیش لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە بەچەند ئەرکێکی زۆر بنەڕەتی و سەرەکی هەڵدەستێ لەوانە پەروەردەی منداڵ و نەوەی نوێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و کارانەی پێیان دەسپێردرێت هەروەها گواستنەوەی دابونەریت و کولتوری نەتەوەیی لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر لە ڕێگای خێزانەوە دەگوازرێتەوە، پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ لە ڕێگای خێزانەوە بەشێوەیەکی گشتی دروست دەبێت بۆیە خێزان گرنگترین و کاریگەرترین دەزگای ناو کۆمەڵ دەبێت)[(١)]

دیارە ئافرەتیش وەکو توێژێکی سەرەکی کۆمەڵ و ڕەگەزێکی کاریگەر تیایدا بەشی هەرە زۆری ئەو زەرەر و زیانانەی بەرکەوت و بووە قوچی قوربانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەدناوە، ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی ئەنفال لەسەر ئافرەت تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامە و بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنن و

(١) م. یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢٧).

ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گیروگرفتی خێزانی بوونەتەوە و چارەنووسیان نادیارە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە بەر شاڵاوەکە کەوتوون و گیران و لە بەرامبەریاندا ئەوپەڕی بێ ویژدانی و تەنانەت سووکایەتیشیان دەرهەق ئەنجامدرا، دیارە ئامانجی سەرەکی ڕژێمی عێراق لە ئەنجامدانی ئەم کردارە بەد ئەخلاقییە تەنها بۆ ئەوە بووە کە بنەماکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگەی خێزانی کورد بڕووخێنن و دواتریش لە ناوی ببەن، چونکە ئەوان باش دەیانزانی کە خێزان و ئافرەتی کورد تا چ ڕادەیەک پاپەندن بەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیانە و تا چ مەودایەکیش جێبەجێیان دەکەن. ڕێکخراوی (MEW) (چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە ساڵی **١٩٩٢** لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئافرەتێکی گوندی شێخ حەمیدی قەزای دوزخورماتو گەیشتۆتە ئەو ڕایەی (کە پاش گرتنی خەڵکەکە ژن و پیاو لە یەکتر جیاکراونەتەوە ئینجا پیاوەکان بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە، دواتریش بەهەمان شێوە ژن و منداڵەکانیان).[(١)]

سووکایەتی کردن بەڕەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان دوور لە هەموو دابونەریتێکی مرۆڤایەتی یەکێک بووە لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی ڕژێمی عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا، (وە کاتێک پیاو و ئافرەتەکان لە یەکتری جیاکراونەتەوە، جەلادەکان دەستدرێژیان کردۆتە سەر ناموسی ئافرەتەکان و تەعدایان لێکردوون).[(٢)]

ئافرەتیکی هەڵاتووی عەرعەر دەڵێت: (ڕۆژی وا هەبووە دوانزە پیاو هاتوونەتە لام و دەستدرێژیان کردۆتە سەر ناموسم).[(٣)] ڕێکخراوی (MEW) لەو بڕوایە دایە کە (دەنگوباسێکی زۆر ترسناک هەیە کەوا لە بارەی کۆمەڵێکی گەورەی کچی عازەبەوە دەدوێ گوایە بەجیا لە

(١) دکتۆر ڕەشاد میران، م. یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣).
(٢) تیشکێک لەسەر نرکە و ناڵەی بەناو ئەنفالەکان، لە بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا، زنجیرە (١) لاپەڕە (٩).
(٣) هەمان سەرچاوە، زنجیرە (٣)، لاپەڕە (١٠).

بەندییەکانی تر دایانناون و بەردەوام ئەمنەکان دەستدرێژیان کردوونەتە سەر، هەروەها باسی ئەمەش هەیە کە یەکێک لەو ئافرەتانە لە ئەنجامی ئەم کارەدا خۆی بەچەقۆیەک کوشتووە، دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتی بەندکراو لە عێراقدا لە هەموو شوێنێ زیاتر بەڵگەی بەدەستەوەبووی هەیە و تەنانەت وا زانراوە کە لەسەر کاسێتی ڤیدیۆش تۆمار کرا بێت)(١) هەروەها ئافرەتێکی دەربازبووی گوندی قیرچە لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ MEW دەڵێت (من خەفەت بۆ ئەو ئافرەتە گەنجانە دەخۆم چونکە نازانین چیان بەسەر هاتووە، ئەوان زۆر جوان بوون، باشە چ گوناهێکیان هەبوو). (٢) کە بێگومان ناوەڕۆکی ئەم قسانە زۆر مانا لەسەر ئەو تاوانانە هەڵدەگرێت کە دەرهەق بەئافرەتی کورد ئەنجام درابێت، ئەوەی جێگای قێزلێبوونەوەیە کە ڕژێم ئەنجامی دابێت ئەوەیە کە وێڕای سووکایەتی کردن بەئافرەتان و ئازاردانیان ڕژێم کەوتە مامەڵە و سەودایەکی تر ئەویش فرۆشتنی ئافرەتان بووە، هەروەک چەرخەکانی ناوەڕاست و کڕین و فرۆشتنی بەندە (عبد) و گەڕانەوە بۆ سیستەمی (عبودیة).

لەم بارەیەوە زۆر بەڵگە هەن کەوا ئەفسەرەکانی سوپای عێراقی هەڵساون بەفرۆشتنی ئافرەتی کورد تەنانەت بۆ وڵاتانی دەرەوەش بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو، (کنعان مکیة) دەڵێت: (بەر لەوەی بڕۆمە باکووری عێراق گوێبیستی گەلێک چیرۆکی سەیر و سەمەرە و نامۆ دەبووم وەک ئەوەی ئافرەتە کوردەکان چۆن لە بازاڕە پەرتوبڵاوەکانی کەنداو فرۆشراون)(٣) هەروەها باس لە ڕووداوێک دەکات کە (شوفێرێکی کورد لە ڕێگای بەغدا - عومان کاری کردووە کاتێک ئۆتۆمۆبیلەکەی لە ڕێگای نزیک شاری ڕومادی لە کار کەوتووە دوو ئافرەتی کورد لێی نزیک بوونەتەوە و بەزمانی کوردی لە گەڵیدا دواون و داوایان لێکردووە

(١) MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٠٣).
(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٤٢).
(٣) کنعان مکیة، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٦٠).

بیانگەیەنێتە سلێمانی، پاش گفتوگۆ لە نێوان ئافرەتەکان و شوفێرەکە پێیان گوتووە کە ئەوان لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکان ساڵی ١٩٨٨ دەستگیرا کراون و ئەفسەرێکی سوپای عێراقی فرۆشتوونیەتە شێخی عەشیرەتێک لە ڕومادی). (١)

ئافرەتە گیراوەکان جۆرەها ئازاری لەش (تعذیب جسدي) دراون سووکایەتی و ئیهانەیان پێکراوە ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ڕێکخراوی (MEW) لەگەڵیان ئەنجامی داوە کە کاتی خۆی گیراون و لە لێبوردنە گشتییەکەی ٦/٩/ ١٩٨٨(*) ئازاد کراون ئەو ڕاستییانە دەردەخەن. لە یەکێک لەو چاوپێکەوتنانە کە لەگەڵ ئافرەتێک ئەنجامدراوە دەڵێت: (سەربازێکم بینی ناوی بەعبدالقادر عبەالله دەبرا کە پیاوی حەجاج(**) بوو تاقمێ ئافرەتی گەنجی دابووە بەر شەق و تێهەڵدان و بەسۆندەی پلاستیکیش هاتبووە وێزەیان ئەم ئافرەتانە تازە لە دبسەوە هاتبوون)(٢) تەنانەت (حەجاج کاتێک ئافرەتێکی حامیلەی بینیبایە بەو سۆندەیەی دەستی لە سکی ئەو ئافرەتەی دەدا و دەیگوت ئەمانە لاو و زۆڵە کوردن)(٣) هەروەها زۆر لە دیمەنی ترسناک و جەرگبڕی تر کە بەندییەکان لە بەندیخانەکانی ڕژێمیان بینیوە وەک ٠ئافرەتی بەقژ هەڵواسراو کە

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٦١).
(*) لە ٦/٩/ ١٩٨٨ ڕژێمی عێراق بڕیاری لێخۆشبوونی گشتی (عفو عام)ێکی ساختەی دەرکرد، زۆربەی ئەوانەی کە بڕوایان بەو بڕیارە کرد و خۆیان تەسلیم بەڕژێم کرد شوونبزر کران و لەناوبردران.
(**) حەجاج: گەنجێکی کەتەی کەچەڵ، کەسێکی ترسناکی قیزەوەنی سەر بەبارەگای ئەمنی بەغدا بووە، بەرپرسی بەندیخانەی نوگرە سەلمان بووە، لە دڕندایەتی کردن و ئازاردانی بەندکراوەکان ناوبانگی دەرکردبوو، بڕوانە (MEW) لاپەڕە (٤٠٢).
(٢) MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٠٣).
(٣) تیشکێک لەسەر نرکە و ناڵەی بەناو ئەنفالەکان، سەرچاوەی پێشوو، زنجیرە (١) لاپەڕە (٦).

مەمكيان بڕابۆوە يان چاويان هەڵكۆڵرابوو نينۆكەكانيان هەڵكێشرابوو).(١)

شاهيد عەيانێكى تر لە بەنديخانەى نوگرە سەلماندا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (لە چرقەى گەرماى هاويندا ڕۆژانە يەک دوو ئافرەتيان ئەهێنا دەرەوە و بەعەمودەكانى ناو حەوشەى بەنديخانەكە هەر لە بەيانى تاكو نيوەڕۆ ئەيانبەستنەوە هەتا ئەبووڕانەوە و نەدەبوايە كەسيش نزيكيان بكەوێتەوە شەوانيش كە سەربازەكان سەرخۆش دەبوون بەزۆرى لوولەى چەک و لە ژێر هەڕەشەدا گۆرانيان پێدەگوتن و هەڵپەڕكێيان پێدەكرن)(٢)

وێڕاى ئازاردانى لەش، ئافرەتە بەندكراوەكان ئازارێكى دەروونى ئێجگار زۆر دراون بۆ نموونە بەوە ئازار دەدران كە نەياندەزانى چى بەسەر مێرد و برا و باوكيان هاتووە، يان نەياندەهێشت مردووەكان بەڕێز و حورمەتەوە بنێژرێن كە ئەوەش كارى دەكردە سەر دەروونى زيندانييەكان و لە ناخەوە دەيانڕماندن، ڕێكخراوى (MEW) لەسەر زارى ئافرەتێک دەگێڕێتەوە كەوا (لە پاش چەند هەفتەيەكى كەم مێردەكەم لە باوەشمدا مرد، ئەو تا دەهات باريک و بنێس دەبوو پاسەوانەكانى بەنديخانە زۆر بەخراپى داركاريبيان كردبوو، لاشەكەى شەو و ڕۆژێک لە قاوشى بەنديخانەدا مايەوە و پاسەوانەكان نەيانهێشت بينێژن و زۆريان لێ پاڕامەوە بەڵام گاردێک ڕێک و ڕەوان وتى لاشەكە دەبێ لە بەنديخانەدا بمێنێتەوە تا دەگەنێ)(٣)
لايەنێكى ديكەى ئەم كارەساتە كە گرفتێكى كۆمەڵايەتى ئێجگار گەورەيە كێشەى هەزاران ئافرەتى جوان و حجێڵە كە تەمەنيان بچووكە و خۆيان ماون و پياوەكانيان يان دەستگيرانەكانيان ئەنفال كراون و بێ سەروشوێنن، لەبەر ئەوە ستەمێكى گەورەيە، كە بەم شێوەيە بمێننەوە چونكە

(١) هەمان سەرچاوەى، زنجيرە (١)، لاپەڕە (٧).
(٢) عەدالەت تالەبانى، سەرچاوەى پێشوو، لاپەڕە (٦٨).
(٣) MEW، سەرچاوەى پێشوو، لاپەڕە (٣٩٩-٤٠٠).

لە ڕووى ياسايى و شەرعەوە (ئايين) ڕێگايان لێ گيراوە و تاوەكو ئێستاش بەپياوەكانيان بەستراونەتەوە. هەڵبەتە پشتگوێخستن و نەورووژاندنى ئەم بابەتە (ڕۆژ بەڕۆژ مەترسى زێتر دەبێ و گيروگرفتى كۆمەڵايەتى لێ پەيدا دەبێت، بۆيە چار نييە هەر دەبێ ئەم مەسەلەيە قسەى لێوە بكرێ و بەدواى چارەسەرى شەرعى و كۆمەڵايەتى خۆيدا بگەڕێين)(١).

بۆيە لەم ڕوانگەوە هەر وەک سەرۆک مسعود بارزانى لە تەلارى پەرلەمانى كوردستاندا لە مايسى ساڵى (١٩٩٩) ئاماژەى پێكرد كە دەبێ ڕێگاچارەيەک بۆ ئەو ئافرەتانە ببينرێتەوە و چيتر بەم شێوەيە نەمێننەوە، ئێستاش ئەركى حكومەتى هەرێمى كوردستانە كە ڕێگاچارەيەكى گونجاو و لەبار لە ڕووى شەرع و ياساوە بۆيان بدۆزێتەوە چونكە مانەوەيان لەم حاڵەتەى ئێستايان زياتر بارودۆخى ژيان و گوزەرانيان ئاڵۆزتر دەكات و بەرەو بارێكى ناهەموارتريان دەبات.

لە نيسانى هەمان ساڵ پەرلەمانى كوردستان ڕێگاچارەيەكى گونجاو و لەبارى لە ڕووى شەرع و ياساوە بۆ كەسوكارى ئەنفالكراو و بێ سەروشوێنەكانى كوردستان دەركرد(*) ئەوەى جێگاى باسكردنە ئەو بەنديخانە تايبەتيانەن كە بۆ ئافرەتانى گيراو تەرخان كرابوو، دواى ئەوەى ڕژێمى عێراق هاولاتيانى دەستگير دەكرد چەندين شوێنى تايبەتى ئامادە كردبوو بۆ كۆبوونەوە و دەستبەسەركردنيان لەوانەش چەندين بەندينخانە بوون، ڕژێم بۆ ئەوەى ئازارى دەروونى پياوەكان بدات هەڵسا بەبەندكردنى ئەو ئافرەتانە ئەويش دواى ئەوەى كە لە پياوەكانيان دادەبڕاندن بۆ ئەو

(١) د. محمد احمد گەزنەيى، حكم زوجات المفقودين فى كارثه مايسمێ بالانفال، چاپخانەى زانكۆى سەلاحەدين هەولێر، لاپەڕە (١٠٣).
(*) جێگاى باسە لە ٢٤/٤/١٩٩٤ پەرلەمانى كوردستان بۆ ئەم مەبەستە بڕيارێكى سەبارەت بەم مەسەلەيە دەركرد بەناوى ياساى بزربووەكان لە هەڵمەتەكانى لەناوبردنى بەكۆمەڵى گەلى كوردستانى عێراق، بڕوانە پاشكۆكان.

شوێنەیان دەبرد یەکێک لەو بەندینخانانە بەندینخانەی ئافرەتان بوو لە (دبس).

ئەم بەندینخانە لە سەربازگەی دبس بوو کە پێیان دەوت (فێرگەی شەڕکەر - مدرسة قتال)، هێزی کۆماندۆی عێراق (مغاویر) مەشقیان تیادا دەکرد ژمارەیەکی زۆر لەم ئافرەتانە بۆ ئەم بەندینخانەیە گوێزرابوونەوە، دوای ئەوەی خزم و کەس و کارە بەتەمەنەکانیشیان بۆ بەندینخانەی شوومی نوگرە سەلمان بردبوو، و پیاوەکانیشیان کە لە هەموو شتێک داماڵین تەنانەت جلوبەرگیشیان پێ داکەناندبوون بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان بردن.

بەپێی هەندێک سەرچاوە و زانیاری وا پێدەچێت لەو بەندینخانەیە کە دوو بینا و کۆمەڵە خانوێک بوو نزیکەی (٧٠٠٠) حەوت هەزار بەندی ئافرەت و منداڵی تیادا بووبێت، ئەو بەندیانە ماوەی چوار تا پێنج مانگ لەو شوێنەدا ماونەوە و دوای ئەوەی شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی پێهات ئازاد کران.

هەر چەندە ئافرەتەکان لە بارودۆخێکی ئێجگار دژوار و سەختدا ژیاون بەڵام جیاوازی هەبوو کە لەوە و پێشتر لە تۆپزاوە بینیبوویان لە ڕووی هاتوچۆ و خواردن و نوستن و بەکارهێنانی حەمام و خۆ شتن و ئاودەست.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەندیخانەکە ترس و سامێکی ئێجگار زۆری هەبووە، بەڕێوەبەری ئەم سەربازگەیە کە هاوڵاتییەکی کورد بووە و بەحاجی ئەحمەد فەتاح ناوبراوە و گوایە حەجی مەککەی کردبوو، ئەو منداڵانەی کەمێک هەراش بوونە و توانیویانە هەڵبسوورێن و تاقەتی ئیش و کارکردنیان هەبووە، فەرمانی بەپاسەوانەکان دەدا کە بەزۆر و لەژێر زەبر و لێدان قاوش و ئاودەستەکانیان پێ پاک بکەنەوە، منداڵێکی تەمەن چواردە ساڵ کە لەگەڵ ئافرەتەکاندا پێنج مانگی لە بەندینخانەی دبسدا بەسەر بردبوو باس لە چۆنیەتی مامەڵە و کرداری کاربەدەستانی

بەندینخانەکە دەکات و دەڵێت: (ئەمن و ئیستخبارات و بەعسییەکان چاودێرمان بوون و هەمیشە دەهاتن و بەبێ هۆ بەندییەکانیان فەلاقە دەکرد، ئەوان چەند جارێک دەستیان بەستوومەتەوە و لێیان داوم، جارێکیان سێ ئەمن بەدار پشت و قاچمیان داڕزاند. لەو قاوشەشدا کە تیایادا دەخەوتم دوو جار لە بەیانییەوە تا شەو بەستمیانەوە بێ ئەوەی بهێڵن هیچ بخۆم، من نەمدەتوانی و بۆم نەبوو بپرسم بۆچی و هیچ کەسیش نەیدەتوانی بەرپەرچی یاسای بەعس بداتەوە).(١)

مەرگەسات و نەهامەتی بەندییەکان ئەوەندە جەرگبڕ و دڵ سووتێنە لە باس نایەت، دەبێت چ لەوە ناخۆشتر و کارەساتتر هەبێت کە جەرگی خۆت لەبەر چاوانت بمرێت بەڵام هیچ دەسەڵاتێکت نەبێت کە بیکەی تەنانەت بشینێژی؟ ئەو حاڵەتانە بەسەر زۆربەی زۆری بەندییەکاندا هاتووە و ئەم واقیعە تاڵەیان چێشتووە. لە ماوەی ئەو پێنج مانگەدا ئەوەی منداڵی بچووک بووە لەو بەندیخانەیەدا مردوون. لاشەکان لەلایەن پاسەوانەکانەوە دەبرانە دەرەوە و دەشاردرانەوە، جاری واش هەبوو خەڵکی شارەکە لە مزگەوتەکاندا کۆ دەبوونەوە و ئەو لاشانەی کە دەهاتنە مزگەوت دەیانبردە گۆڕستان و دەیان ناشتن.

وا پێدەچێت زۆربەی ئەو بەندیانە وەخت نا وەخت گوێزرابنەوە چەند شوێنێکی ترەوە، هەر وەک شایەدعەیان بینیویانە کە چەند جارێک هەندێک پاسی داخراو دەچوونە ناو بەندینخانەکە و ژمارەیەکی زۆریان لە بەندییەکان بار دەکرد و بۆ شوێنی نادیار دەیانبردن کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی کەلاری باشووری گەرمیان بوون، هەندێکیشیان گوێزراونەتەوە بۆ بەندینخانەی نوگرە سەلمانی باشووری عێراق.

هەروەها بەندینخانەیەکی تر هەبووە کە تایبەت بووە بە بەساڵاچوو و بەتەمەنەکان کە لە نوگرە سەلماندا بووە، وا پێدەچێت کە سەرجەم

(١) MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٨٤-٣٨٥).

بەندییەکانی ئەم بەندینخانەیە لە سەردەمی ئەنفالدا (٦-٨) هەزار کەس بوو بێت، بەڵام هەندێک زیاتر لەو ژمارەیە دەخەمڵێنن و بە(١١) یازدە هەزار بەندی دادەنێن کە تەمەنیان لە نێوان (٥٠-٩٠)ساڵدا دابووە.

سەرجەم بەندییەکان هی قۆناغی یەکەمی ئەنفال بوونە، یەکەم جار ئەوانەی کە لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨دا گەیشتن هەزاران گیراوی گوندەکانی قەرەداغ و گەرمیان بوون، پاشان لە سەرەتای مانگی مایسدا ژمارەیەکی لەوە کەمتر لە خەڵکی بەتەمەن لە دۆڵی زێی بچووکەوە گەیشتبوون، لە دواییدا کە کۆتایی مانگی هاوین بوو چەندین پاس ژن و منداڵی خوارووی گەرمیانیان لە بەندینخانەی دبسەوە هێنا. بەندینخانەی نوگرە سەلمان مردنێکی لەسەرەخۆ بووە چونکە لە هەموو ڕوویێکەوە بەندییەکان بەرەو مردن دەچوون، ڕاستتر نوگرە سەلمان دۆزەخێک بووە بەخۆیەوە، یەکێک لە گیراوانی ئەویٚ دەڵێت ئەگەر ئێوە دۆزەختان بیستووە ئەمە دۆزەخ بوو ئێمە بینیمان. بەندینخانەیەکی تر کە تایبەت بووە بەئافرەتان بەندینخانەی (سەلامییە) بوو کە لە بنەڕەتدا سەربازگەیەک بووە لە شارۆچکەی بچووکی سەلامییە کە ماوەی چەند میلێک لە باشووری موسڵەوەیە لەسەر ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ئەو گیراوانەی کە هێنابوویانە بەندینخانەی سەلامییە هەموویان خەڵکی بادینان بوونە خواردنی ڕۆژانەیان نانی ڕەق و ئاوی تانکی گەرم بووە، نوستنیشیان لەسەر چیمەنتۆ ڕووتەکەی ناو قاوشەکان بووە بەبێ ڕایەخ و پێخەف هەروەها بواری یەکتر بینینی نێوان بەندییەکان بەهیچ شێوەیەک نەدراوە کە هاموشۆی یەکتری بکەن، لەبەر ئەوەی داو و دەرمان و تیمارکردن نەبووە حاڵەتی مردن بەرەو زۆری چووە ڕاستتر بارودۆخی بەندینخانەی سەلامییە لە بارودۆخی بەندینخانەی دبس و نوگرە سەلمان باشتر نەبووە مەگەر لە ڕووی هەندێک جیاوازی بچووک نەبێت.

ئافرەتەکان زیاتر ئازاری دەروونیان ئەوە بووە کە نەیانزانیوە برا و باوک و مێردەکانیان چارەنووسیان بە چی گەیشتووە، هەر چەندە ئەم

بەندینخانەیە تایبەت بووە بەئافرەت و منداڵەکانیان بەڵام دەنگوباسی ئەوەش هەبووە کە لە قاوەشی تری بەندینخانەکەدا بەندی پیاویش هەبووبێت، ئافرەتێکی خەڵکی ناحیەی گولی لە ڕێگەی سەربازە پاسەوانەکانەوە زانیبووی کەوا مێردەکەی و سێ برای ماون لەو بەندینخانەیەن، هەروەها ئافرەتێکی تر کە لەگەڵ زیندانیانی خەڵکی ناوچەی سەرسەنگدا لە قاوەشی ژمارە حەوتدا بووە بینیبووی کەوا لە قاوشەکەی بەرامبەریاندا هەندێک پیاوی چاو بەستراوە و هەر دوو دەست لە پشتەوە شەتەکدار هەن، کەوا هەموویان پشتێنی کوردیان بەستوە و جەمەدانیشیان لەسەر دابووە هەروەها ئافرەتەکە ئەوەشی بینیوە کەوا چۆن پیاوەکانیان کردۆتە ئەو ئۆتۆمبێلە داخراوانەی کە تەنها لە دواوە یەک کونیان هەبووە.

بەشی حەوتەم

ئەنجام و کاریگەرییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر باری کۆمەڵایەتی

ئافرەتی کورد

پرۆسەی بەدی ئەنفال وێرای قاتوقڕ کردنی گەلی کورد و وێرانکردنی کوردستان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری، گەلێک دەردەسەری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی لە دوای خۆی بەجێهێشت کە تاوەکو ئێستاش پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، ڕاستە ئەم پرۆسەیە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەبێ جیاوازی گرتەوە، بەڵام هەر وەک لەمەو پێش ئاماژەمان پێکرد ئافرەت بەشی هەرە زۆری ئەو نەهامەتی و دەردەسەرییانەی بەرکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکان کران ئەویش بۆ مردنی لەسەرەخۆ و تێکدانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و شکاندنی کەسایەتییان بەهەموو جۆرێک.

چونکە بەپێی ئامارێک هاتووە کە (٨٨٪ ئەو ئافرەتانەن کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە ڕێژەی پیاوی خێزاندار زۆر زیاتر لە ئافرەتی خێزاندار ئەنفال کراوە و شوونبزر کراون، چونکە سیاسەتی ڕژێمی عێراق مەبەستی لەناوبردنی گەنجی کوردە بۆ ئەوەی هێزی بەرهەمهێنی کوردستان لە ڕەگوڕیشەوە هەڵتەکێنی، ڕژێم دەیزانی ئەگەر پیاوەکان ئەنفال بکات ئافرەتە خێزاندارەکان شوو ناکەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریتی کورد کە شەرمە ئافرەتی خاوەن منداڵ شوو بکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر چارەنووسی مێردەکەی بزر بێت. ڕژێمی عێراق بەم کارەی هێزی بەرهەمهێنی مرۆیی لەناوبرد، هەروەها خێزانی ئەو ئەنفالکراوانەی لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە، هەروەها ڕژێم مەبەستی دروستبوونی دیاردەی بەدڕەوشتی و بێ سەرپەرشتی بوو لەناو کۆمەڵی

کوردەواری).[١] لەو بەشەدا - کە دوابەشی لێکۆڵینەوەکەیە - باس لەو دیاردە و گیروگرفت و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە دەکەین کە باڵیان بەسەر کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داکێشاوە بۆ ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی ژیان و هەڵسوکەوت و چارەنووسیان بین...

یەکەم: نەخۆشییە دەروونییەکان

نەخۆشییە دەروونییەکان (بریتین لە کۆمەڵێک دیاردەی پەشۆکی و هەڵچوون کە لە مرۆڤدا دەردەکەوێت ئەم پەشۆکی و هەڵچوونانە هۆکارێکی ئەندامی دیاریکراوی نییە لە لەشی مرۆڤدا بەڵکو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دەروونی مرۆڤ و ئەشتوانین بڵێین هەستێکە حەوانەوەی مرۆڤ تێکدەدات).[٢]

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین نەخۆشییە دەروونییەکانی ئافرەتانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەرێژەی نەخۆشییە جەستەیی و لەشییەکان یەکسانن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە زیادبووندایە ئەگەرچی تاوەکو ئێستا بەپێی زانیاری نووسەر لێتۆژینەوەیەکی دروست و ئامارێکی سەرتاسەری لەمەڕ ئەو نەخۆشیانە ئەنجام نەدراوە.

بەڵام ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ڕوخساری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستیان بکۆڵینەوە ئەوا بەئاشکرا ئاسەواری ئەو نەخۆشیانە بەدیاردەکەوێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا توێژەرێک لە کۆی (١٥٠) خێزان کە زۆربەیان ئافرەتن ئەنجامی داوە (٤٧) خێزان دوچاری نەخۆشی دەروونی وەک دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، ترس، لەهۆش چوون هتد هاتوون)[٣] کەوا لە خوارەوە باسیان دەکەین.

(١) یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢١٥).
(٢) محمد کەریم شەیدا، نەخۆشییە دەروونییەکان و دەروون لەشییەکان (سایکۆماتی)یەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٠، لاپەڕە (٥).
(٣) یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢١٧).

أ- دڵەڕاوکێ:

دڵەڕاوکێ جۆرێکە لە هەڵچوونی دەروونی و تاڕادەیەکی زۆر لە ترس دەچێت لە کاتی ترسناکیدا و ئەمەش دەم دەم ڕوودەدات یان بەشێوەیەکی هێواش دەست پێدەکات ئینجا وردە وردە زیاد دەکات، دڵەڕاوکێ کەس لێی ڕزگار نابێت و هەموو کەسێک دوچاری دەبێت بەکەم و زیادەوە ئافرەت زیاتر دووچاری دەبێت وەک لە پیاو بەرێژەی ٢٪ بۆ ١٪ لە لێکۆڵینەوەکەی پێشوودا هاتووە کە لە (٨,٥١) خێزان دووچاری دڵەڕاوکێ هاتوونە کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە بەبەراورد لەگەڵ هەندێک لە نەخۆشییە دەروونییەکانی ترکە توێژەر ئەنجامی داون). (١)

ب – ترس، تۆقاندن Phapiestate:

ترس حالەتێکی دەروونییە کە مرۆڤ تووشی دەبێت و یەکێکە لە حالەتەکانی دڵەڕاوکێ یان پەرچدانەوەی هۆکارێکی دیار، وەک ترس لە تاریکی و شوێنی داخراو و سواربوونی هۆکانی گواستنەوە، فڕۆکە، کەشتی، شەمەندەفەر یان ترس لە شوێنی بەرز، هەر لە لێکولینەوەکە دەرکەوتووە کە (١٠,٦٣٪) خێزان تووشی ترس هاتوون(٢) کە ئەوەش بێگومان دەرەنجامی ئەو هەموو جەور و ستەم و زەبر و قینەیە کە ڕژێم بەرامبەر بەگەلی کوردی ئەنجامداوە، چونکە بێ بەزەیی و دڕندەیی ئەو ڕژێمە و تاوانە بێ وێنەکانی بووەتە هۆی خولقاندنی حالەتێک لە تۆقاندن کە ئەوەش بێگومان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

ج- لە هۆش چوون، پەرکەمی (الصرع)

نەخۆشییەکی دەمارییە بریتییە لە پەشۆکی کاتی لە فەرمانەکانی دەماغدا کە بوورانەوەی لەگەڵدایە ئەم پەشۆکییەش شیاوی دووبارە

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢١٧).
(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢١٧).

بوونەوەیە، دیارە ئەم نەخۆشییە دەروونییە وەک هەموو نەخۆشییەکانی تر لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە زیاتر لەوانی تر بەدیار کەوتووە، لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە ئەوەی دەرخستووە کە لە (٦,٨٣٪) خێزان دووچاری ئەم نەخۆشییە هاتوون) و(١) ئاسەوارێکی خراپیشی کردۆتە سەر باری خێزانی و دەروونی ئافرەت و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان.

د- خەمۆکی (الكآبة):

خەمۆکی حالەتێکی دەروونی گشتییە تووشی هەموو چین و توێژێک دەبێت، ئەم نەخۆشییە لە کاتی تەنگانە و ناخۆشی و لێقەوماوی و نەهامەتی و خەم و خەفەتدا دوچاری مرۆڤ دێت (ئەم حاڵەتەش ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە بەتایبەتی لەو وڵاتانە کە گۆڕانکاری خێرایان بەسەردا دێت وەک ناوچەی کوردستان کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەژی). (٢)

هەر لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە (١٠,٦٣٪) خێزان دوچاری خەمۆکی هاتوون)(٣). کە بێگومان ئەو ڕێژەیە بەهۆی ئەو بارە ناهەموار و دژوارەی کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تیایدا دەژین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوواندیە و چاوەڕوانی چارەسەرێکی خێرا و کتوپڕی لێ ناکرێت.

هـ- لەبیرکردن (النسيان):

زۆر جار ڕووداوی دڵتەزێن و ناخۆش و کاریگەر دەبێتەوە هۆی لەبیرکردن، ئەم حاڵەتە دەروونییە کار دەکاتە سەر مێشک لە ئەنجامی زۆر لێکۆڵینەوە، وەک مردنی خۆشەویستێک یان یادکردنەوەی ڕووداوێکی دڵتەزێن کە دەبێتە هۆی خورپەیەکی دەروونی کە کاردەکاتە سەر مێشک و دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوە ئەمە (٨,٥١٪) خێزان لە کۆی (٤٧) خێزان کە

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢١٧).
(٢) محەممەد کەریم شەیدا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٨).
(٣) یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢١٧).

لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر ئەنجامدراوە دوچاری لەبیرچونەوە هاتوون).[1]

ئەمانە و گەلێک دیاردە و گیروگرفتی دەروونی تر وەکو (دڵتەنگی، شێت بوون، تووڕەبوون، زۆر بیرکردنەوە... هتد) کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دورچاری هاتوون و تاوەکو ئێستاش بەدەستیانەوە دەناڵێنن و ئەگەر لە ڕێژەی تووشبوان بەگرفت و نەخۆشییە عەقڵی و دەروونییەکان ورد بینەوە، ئەوا ڕێژەکەیان ئێجگار بەرزە چونکە ئەگەر لە کۆی (١٥٠) خێزان لەناو (٤٧) خێزاندا تووشی گرفت و نەخۆشی دەروونی هاتبن ئەی دەبێ ئەم ڕێژەیە لە (١٨٢) هەزار شوونبزرکراو و ئەو هەموو کەسوکارە بەجێماوەیان چەند بێت؟ کەواتە شاڵاوەکانی ئەنفال لە ڕووی دەروونییەوە کارێکی زۆر خراپی بووە لەسەر ئەندامانی خێزانە ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی و ئەندامانی کۆمەڵ بەگشتی، ئەم گرفت و نەخۆشییە دەروونییانە کوشندەیی شاڵاوەکان پیشان دەدات لە میانەی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی).

دووەم: دیاردە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ شڵەژان و پەرتەوازە بوونی کۆمەڵگەی کوردەواری و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان یەکتریدا، هەروەها بووە هۆی نەهێشتن و تێکدانی دابونەریتی ڕەسەنی کوردەواری کە بنچینە و بنەمای سەرەکین بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی. نەخۆشی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی پاشماوەی ئەنفال گەلێک زۆرن لەوانە:

أ- سەرپەرشتیاری خێزان:

بێگومان هەر وەک لە پێشەوە باسمان کرد کە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵە و کۆمەڵیش لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانێت زۆر لە ئەرک و مافەکانی

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢١٧).

بەجێ بێنێت و کاتێک سەرپەرشتیاری ئەو خێزانە بەهەر هۆیەک بێت نەمێنێت ئەوا سیستەمی بنەڕەتی دووچاری بارێکی نائارامی و ناجێگری دەبێت لە دواییدا ئاسەوارێکی خراپی بەسەردا دێت. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان باری خێزان و سەرپەرشتیاری بکەین لە پێش ڕوودانی شاڵاوەکانی ئەنفال و دوای ڕوودانەکەش ئەوا هەندێک ڕاستیمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە سەرپەرشتیاری خێزان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە پێشخستن و سەرکەوتنی خێزاندا. (لە پێش شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ سەرپەرشتیاری خێزان ڕێژەی (٨٩,٣٣ ٪) لە ژێر دەسەڵاتی باوک بووە بەرامبەر (٨ ٪) کە لە ژێر دەسەڵاتی دایک بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە کە بووەتە لە (٣٣,٦٦ ٪) لە ژێر دەسەڵاتی باوک و دایکیش ڕێژەی (٦٢,٦٦ ٪) بەرکەوتووە[1] ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕێژەی باوکان زۆر بەر شاڵاوەکە کەوتوونە بەرامبەر بەڕێژەی دایک، بۆیە دەبینین هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان کەوتۆتە سەر شانی دایک و، دایک بوەتە سەرپەرشتیاری ماڵ و هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئیشوکاری ناوماڵ و کارکردنی لە دەرەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە کە ئەوەش بوەتە هۆی تێکچوون و شڵەژانی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی سیستەمی پەروەردەیی تیایدا.

ب- لە دەستدانی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی

هەر کۆمەڵگەیەک کە شڵەژا و بەرەو نەمان چوو ئەوا بێگومان زۆر لە بنەما سەرەکییەکانی لە دەست دەدا یان گۆڕانی بەسەر دادێت، شاڵاوی ئەنفال کە بناغە و پرانسیپە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێکوپێک دا کاری کردە سەر دابونەریتی ڕەسەنی کوردەواریش بەجۆرێک کە بەڕێژەی لە (٥٩,٣٣ ٪) خێزانەکان دوای گۆڕانی شوێنی دانیشتن و

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٢٠-٢٢١).

لەبەر دابڕانیان لە خزم و کەسوکاریان بەناچاری وازیان لە دابونەریتی ڕەسەنی خۆیان هێناوە و پەیڕەوی دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەو شوێنە دەکەن کە تێیدا نیشتەجێ کراون، هەر چەندە کۆسپ و گیروگرفتیان تووش هاتووە و تووش دێت، تاکو خۆیان لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیەدا دەگونجێنن، ئەمەش ئامانجێکی گرنگی ڕژێم بووە لە پلان دانان و پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەرامبەر بەخەڵکی گوندنشینی ناوچەکانی کوردستان کە خاوەن دابونەریت و کولتووری ڕەسەنی نەتەوەیی بوون و مەیدانی نموونەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان بوون.(١)

ج- دیاردەی نەخوێندەواری

ئاشکرایە نەخوێندەواری کوشندەترین نەخۆشییە کە دوچاری کۆمەڵ دێت و بەهۆیەوە ئەم کۆمەڵە دوادەکەوێت و لە ڕەوتی کۆمەڵگەکانی تر دادەبڕێ. بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی کورد نەخوێندەوارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابونەریت و عەقلییەتە دواکەوتووەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری بەسەر ئافرەتی داسەپاندووە، شاڵاوەکانی ئەنفال زۆر دیاردە و نەخۆشی کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە، نەخوێندەواریش یەکێکە لەو دیاردانەیە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە لە ئەنجامی شاڵاوەکاندا بەسەر خێزانی کورد داهات بۆ نموونە هەژاری، گۆڕینی جێوشوێن، بێ سەرپەرشتیاری خێزان... هتد، هەموویان فاکتەری سەرەکین کە وایان کردووە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەنەخوێندەواری بمێننەوە، هەروەها ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ڕژێمی عێراق هەردەم هەوڵی داوە گەلی کورد بەنەخوێندەواری بهێڵێتەوە، تاوەکو لە ڕووی پێشکەوتن و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان بەدواکەوتوویی بمێنێتەوە و لە ڕەوتی کۆمەڵگەکان دابڕێ لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە ڕێژەی نەخوێندەواری لە خێزانی ئەنفالکراوەکان لە (٨٨,٦٦ ٪)ە کە بەرزترین ڕێژەیە بەرامبەر

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٢٦).

بە(٤,٦٦ ٪) کە خوێندەوارن (بەمانای ئەوەی دەزانن بخوێنن و بنووسن) لە کاتێکدا لە (٤,٦٦ ٪) خاوەن بڕوانامەی سەرەتایین، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی ناوەندییان هەیە ڕێژەکەیان (٢ ٪)ە(١) دیارە ئەمەش گیروگرفتێکی ئێجگار گەورەیە کە پێویستە لێکۆڵینەوە و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە مانەوەی ئەم ڕێژە بەرزە لەناو ئەم کەسوکارانە دەبێتە هۆی دروستبوونی نەوەیەک کە (خوو) بەنەخوێندەواری بگرێت. بێگومان زۆر لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر باڵیان بەسەر کەسوکار و خێزانی ئەنفالکراوەکان کێشاوە کە لەوانەیە چارەسەرکردنیان کاتێکی زۆر دەخایەنێ.

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٩٤).

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەکرێ ئەنجامە سەرەکییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە لێک بدەینەوە:

یەکەم: پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە گەورەترین و درندانەترین تاوان – وێڕای زنجیرە تاوانەکانی تر – کە دەرهەق بەنەتەوەی کورد ئەنجامدرابێت، بێگومان ئامانجی سەرەکی ڕژێم تیایدا پاکتاوکردنی نەژادی و بڕانەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤی کورد بووە.

دووەم: ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر نەتەوەی کورد بەگشتی و تاکی کورد بەتایبەتی هەروەها زەرەروزیانێکی زۆریشی بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەبێ جیاوازی گەیاند.

سێیەم: بێگومان (توێژی ئافرەتان) لە پێشینەی هەمووان دێت، چونکە دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە هەموو ئەرکەکانی کۆمەڵگا هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئیشوکاری ناوماڵ و کارکردنی لە دەرەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە کەوتە سەرشانی ئافرەت بەوەی کە ڕێژەی پیاوەکان زیاتر بەر شاڵاوەکە کەتوون بەرامبەر بەرێژەی ئافرەتان، بێگومان ئەوەش ئامانج و مەبەستی سەرەکی ڕژێم بوو بۆ ئەوەی خێزانی کورد پەرتەوازە بکات و ئافرەتەکانیش دیاردەی نامۆیی و دوور لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی بکات.

چوارەم: وێڕای زەرەروزیانی گیانی پرۆسەی ئەنفال کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر ژێرخانی ئابووری کوردستان و دوچاری ئیفلیجی و شلەژانی کرد، چونکە ئاشکرایە گوند و دێهاتەکان کە سەرچاوەی بنەڕەتی داهاتی کوردستانن گشتی وێران کران و لەناوبردران بەمەش ئابووری کوردستان ڕووی لە کزی کرد و بەرەو هەڵدێر چوو.

پێنجەم: تاوانی بەدی ئەنفال گەلێک نەخۆشی و دیاردەی کۆمەڵایەتی لێ

کەوتەوە کە ئەمەش بێگومان کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر دابونەریت و ڕەوشت و خەسڵەتە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و بووە هۆی لە دەستدانی هەندێک لەو بنەما سەرەکی و پتەوانەی کە لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکران.

شەشەم: هەروەها ئاسەواری تاوانی ئەنفال بووە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک گرفت و نەخۆشی دەروونی و عەقڵی کە تووش بووان و پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تا وەکو ئەمڕۆ بەدەستیانەوە دەناڵێنن ئەمە وێڕای نەخۆشی جەستەیی و کەم ئەندامی لەشی کە ڕێژەیەکی زۆر دووچاری هاتوون.

حەوتەم: ئامانجی سەرەکی پرۆسەی ئەنفال پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕاگواستن و تەعریب بوو، بۆیە دەبینین لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەوتنە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و تەعریب کران، ئەمەش مەبەستی سەرەکی ڕژێمی عێراق بوو بۆ گۆڕین و شێواندنی سروشتی کوردستان لە ڕووی جوگرافی و دیمۆگرافییەوە.

پێشنیار و ڕاسپاردەکان

ئاشکرایە دوا بەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی بەدی ئەنفال کۆمەڵی کوردەواری هەر وەک لە پێشەوە باسمان کرد – دووچاری گەلێک گیروگرفت و تەگەری ناخۆش بۆوە، کە ئەمەش وای کرد بارودۆخ ڕەوشێکی تایبەتی بەسەر پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دابێت و دوچاری حاڵەتێکی نالەبار و ناسەقامگیریان بکات، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ستراتیژیەتێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردن و نەمانی ئەم ڕەوشە نالەبارە بدۆزرێتەوە و نەخشە و پلانی گونجاو و لەباری بۆ دابڕێژرێت و تیایدا هەوڵبدرێت ئاسەوارەکانی ئەم تاوانە بنبڕ بکرێت یاخود هەر نا بتوانرێت کەم بکرێتەوە بێگومان ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەرشانی هەموو کەس و لایەنێک بۆ ئەوەی بەئەرکی نەتەوایەتی خۆیان هەڵبستن و ئەم کارە ئەنجام بدەن.

یەکەم: لە سەرەتادا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان مشوورێکی جدیانە لەم گیروگرفتە بخوات و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم بابەتە هەوڵ بدەن کە ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی ئەنفال بەرەو نەمان بچێت و لە ئێش و ئازارەکانی کەم بکرێتەوە.

دووەم: پێویستە تاوانی ئەنفال بخرێتە خانەی قڕکردنی بەکۆمەڵ (جینۆساید) و هەوڵبدرێت لە ڕێگای دیبلۆماسییەتی کورد و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە ئەم بابەتە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بورووژێنرێت و مەزلوومیەتی گەلی کورد بۆ جیهان ڕوون بکرێتەوە و ئەوانەش کە دەستیان لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە بێ وێنەیە هەبووە، بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی (تاوانەکانی جەنگ - محكمة جرائم الحرب) و تاوانبارانیش وەکو تاوانباری جەنگ (مجرمي الحرب) مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بەسزای خۆیان بگەن، کە دەبینین ئەمڕۆ چۆن تاوانبارانی هەموو دنیا و لە هەر کوێیەک بن وا بەم چارەنووسە دەگەن.

سێیەم: داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) بکرێت کە لیژنەیەکی تایبەت و ڕەسمی بۆ کوردستان بنێرن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکیانە لەم تاوانە بکۆڵنەوە و بەچاوی خۆیان پاشماوە و ئاسەوارەکانی ببینن و لە چارەنووسی دەیان هەزار مرۆڤی کوردی شوونبزرکراو ئاگاداربن، لەم بارەیەوە دڵنیاین کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامە و زانیاری تەواو و پێویستیان لە بەردەستدایە بۆ بەکارهێنانی.

چوارەم: هەوڵ بدرێت داوای قەرەبووکردنەوە بۆ پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکرێت کە زۆربەیان منداڵ و پیر و پەککەوتەن ئەویش لە ڕێگای داهاتی ١٣ ٪ی نەوت بەرامبەر بەخۆراک کە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە و بڕێک پارە بەشێوەیەکی ڕەسمی دابنرێت هەر نا بۆ ئەوەی لەو نەهامەتی و دەردەسەرییەی کە تیایدا دەژین یارمەتی ژیان و گوزەرانیان بدات کە ماوەی ١٤ ساڵە بەدەستیەوە دەناڵێنن.

پێنجەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان کە لە کوردستاندا کار دەکەن هانی ئەو خەڵکە بدەن کە کاتی شاڵاوەکە لە گوند و دێهاتەکانیان وەدەرنراون بۆ زێدی باب و باپیرانیان بگەڕێنەوە، هاوکات پێویستە حکومەت هەموو پێداویستی و ئاسانکارییەکان لە ڕووی (ماددی و مەعنەوی) بۆ دەستەبەر بکات و کارە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی بتوانن دووبارە کاروباری خۆیان ڕێک بخەنەوە و سەرلەنوێ خانووبەرەکانیان بنیاد بنێنەوە. ئەمەش بێگومان سوودێکی باش بەژێرخانی ئابووری کوردستان دەگەیەنێت.

شەشەم: پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (لە دەرەوە و ناوەوە) لە دەرخستن و نیشاندانی ئەم تاوانە دەستەوەستان نەوەستن و ڕاستییەکان بۆ جیهان ڕوون بکەنەوە بەتایبەتی حاڵی حازر کە خاوەنی کەناڵی ئاسمانین و بەئاسانی دەتوانین دەنگ و ڕەنگمان بگەیەنینە هەموو کونوقوژبنێکی دنیا.

حەوتەم: پێویستە (سەنتەری ئەنفال) کە وەکو دەزگایەکی ستراتیژی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەنفالکراو و بێ سەروشوێنەکانی کوردستان دامەزراوە زیاتر یارمەتی لە هەموو ڕوویێکەوە بدرێت و کۆمەک بکرێت، تاوەکو بتوانێت بەئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت و زیاتر زانیاری لەمەڕ ئەم تراژیدیایە کۆ بکاتەوە و بەدیکۆمێنتیان بکات.